# تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئێپیك و لیریك لە ئەدەبیاتی هەورامیدا

**ئەنوەر قادر محەمەد و لهۆن قادر عبدالرحمان**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئێپیك و لیریك لە ئەدەبیاتی هەورامیدا" کە هەڵگۆزراوی نامەی دکتۆراکەمانە ،هەوڵی ئاوڕدانەوەیەکی زانستییە لەم دوو ژانرە گرنگەی شیعری لیریکی (هەورامی) و ڕۆشنکردنەوەی بابەت و لایەنی ئیستێتیکیانە، هەروەها هێنانەوەی نموونەی شیعریی هەردوو ژانرەکەو تیشکۆکردنیانە...

لە ڕاستیدا یەکەم جار ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیاری ڕووس ڤ . ف . مینۆرسکی ئەدەبیاتی گۆرانی (هەورامی) بەسەر سێ ژانر : 1-ئێپیك (شیعری چیرۆکی)؛ 2- شیعری ئاینی ؛ 3- لیریك (شیعری گۆرانی "وجدانی" - "غنائی" ) دا دابەشکردووە.

توێژینەوەکەی ئێمەش هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدایە ،بۆیە کۆشاوین هەمەلایەنە و بە کورتی وچڕی لێکدانەوە و شیکاریی شیعرییان بۆ بکەین و بەهای جوانیی زمان و ناسکبێژیی نموونە شیعرییە ناوازەکانی بدەینە بەر ڕۆشنایی ....

## پێشەکی

هەنووکەیی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە "تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئێپیك و لیریك لە ئەدەبیاتی هەورامیدا" کە بەشێکە لە پێکهاتەی نامەکەمان ،ئاوڕدانەوەیەکە بە شێوەیەکی سیستماتیك لەو دوو ژانرە گرنگەی کەلەپووری شیعری هەورامی . دیارە بە شێوازی جۆراوجۆر نووسەر و توێژەران خەریکی کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی مێژووی شیعری کوردین ،کە بنەوان و جەوهەرێکی خۆماڵی و ڕەنگدانەوەی گیانی مرۆڤ و سروشت دۆستیی ئەدەبەکەمانن، هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ توێژینەوەکەمان لەم ڕوانگەیەوەیە .ڕانانێکی کورتی ئەو دووژانرە : ئێپیك و لیریك و هەندێك جاریش لیرۆ-ئێپیکە.هەرئەم دیدەیە کە توێژینەوەکەمان لە گەلێك لەوانەی تر جیادەکاتەوە کە نووسەران قەڵەمی خۆیان تێدا تاوداوە....

لە زانستی ئەدەبناسیدا ،هەردوو زاراوەی " ئێپیك" و "لیریك" لە چوار چەشنە سەرەکییەکەی شیعرن . چەشنی ئەدەبی هەریەکەی هەڵگری هەندێ یاسا و ڕێسای هونەریی تایبەت بە خۆیەتی ، بۆ نموونە شیعری لیریکی (گۆرانی) ، شیعرێکە سەرڕێژبوونی هەست و سۆزی کەسییە و (من) ی شاعیر چەقی بەرهەمی ئەم چەشنەیە شیعرەیە ... هەر دەربارەی چەشنی شیعر و پۆلێنبەندیی وتراوە : ((سوودی سەرەکی کاری دابەشکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە سەر بنەمای ژانر ، ئەوەیە کە دەتوانین توێژینەوە لە پاڵنەر و مۆتیڤی ژانرێك لە قۆناغێکدا بکەین .کاتێك بۆ نموونە بزانین لیریك چییە و هەل و مەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بوونی چییە ، بە ئاسانی دەتوانین پەی بە هۆکارەکانی لاوازی و سەرەو لێژبوونەوە یان بە ترۆپك و لوتکە گەیشتنیدا لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بەرین )) . (حاکمی 2018: 3).

بابەتی ژانر و دابەشکرنی شیعر لەسەر ئەو بنەمایە تایبەتە بە یۆنانی دێرین و ئەورووپای میراتگری یۆنان و لە ترادسیۆنی ڕۆژهەڵاتیدا ڕەوتێکی دیکەی وەرگرتووە . هەر ئەو ئەدەبناسەی پێشوو ،لەسەر گەلاڵەکردنی بۆچوونەکانی لەم بارەیەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت :((یەکێك لە بابەتە دیار و سەرەکییەکانی کە ڕەخنەگرانی ئەورووپایی هەر لە دێرینەوە جێگای بایەخ بووە لایان ، لە ڕێی "هونەری شیعر "ەکەی ئەرەستۆ و هۆراس و ئەم جۆرە بەرهەمانەوە پۆلێنبەندیی چەشنە ئەدەبییەکان و پێناسەیەکی بنەما بەهێز و تۆکمەیان بۆ داڕێژراوە ، بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیدا بە هیچ جۆرێك باسی لێوە نەکراوە . لە ئەدەبیاتی گەلانی موسڵماندا ، بە کاریگەریی ڕێچکەی بیری ئەدەبناسە عەرەبەکان ، بەرهەمی ئەدەبی (تەنیا شیعر ) لە ڕوانگەی ڕوخسار یان شێوەوە پۆلێنبەندی کراوە و ئەمەش ، هەر دەڵێی تایبەتمەندییەکی نەژادی " سامی " یە کە لە ڕێچکەی ئەدەبیاتی عەرەبەوە بۆ ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی موسڵمان گوازراوەتەوە ؛ کە گرنگی و بایەخیان بە شێوە و وێنەی ڕوخسار و ڕەچاو نەکردنی قووڵی مەعنەوی و کایەی ئەندێشە و سۆزی بەرهەمەکان ، واکەوتووەتەوە شاعیران و ڕەخنەگرانی عەرەب بابەتی کێش و قافیە بووەتە جێگای بایەخیان و پێوەرەکانی نرخاندن و داوەریکردنیش هەر لە جوغزی دەربڕین و کەم و کورتییەکانی کێش و سەروا دا سووڕاوەتەوە )) . (حاکمی 2018: 2 ).

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 7، العدد 3(2021) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v7n3y2021.pp41-51

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 1 تموز 2021؛ قُبل في 28 تموز 2021؛ نُشرت في 8 آب 2021

البريد الإلكتروني للمؤلف : lhon.abdulrahman@uhd.edu.iq ،anwar.kader.mohammad@gmail.com

حقوق الطبع والنشر ©2021 ئەنوەر قادر محەمەد، لهۆن قادر عبدالرحمان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

قوبادی ،خانا ،(1975) ،شیرین و خسرەو ،ساغکردنەوەی محمدی مەلاکریم ،چاپی یەکەم ،بەغدا ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
قوبادی ،خانا،(2006)،یوسف و زلێخا ، بوژانەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلاسالح ،چاپی یەکەم ،هەولێر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
قوبادی ،خانا ،(2011)، سولّتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین ، کۆکردنەوە و دارشتنەوەی حەمەرەشی ئەمینی چاپی یەکەم،هەولێر،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
قوبادی،خانا،(2011) ، لەیلا و مەجنوون ، ساغکردنەوە و ئامادەکردنی غەفار ئیبراهیمی ، چاپی یەکەم،سلێمانی ،چاپخانەی شڤان.
حاکمی (د.اسماعیل حاکمی ) :2018 : ادبیات غنایی ایران و انواع شعر غنایی :موسسه انتشارات دانشگاه تهران :چاپ دووم.
داد (سیما داد ): 1390 : فرهنگ اصطلاحات ادبی :انتشارات مروارید تهران:چاپ پنجم.
سبزیان +کزازی (سعید سبزیان م. + د.میرجلال الدین کزازی ) :1388 : فرهنگ نظریه و نقد ادبی : انتشارات مروارید :چاپ اول.
هاڵبێرگ (پیتەر هاڵبێرگ ) :2018 : تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی :ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد :ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە :چاپی سێهەم.
محمدپور ،عادل ،(1392)،طرح جریان شناسی شعر کُردی هورامی از ابتدا تا به امروز ،چاپ اول،تهران ،نشر احسان.
محەمەد،ئەنوەر ، (2007) ،مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا ،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە 20 2007 بەشی. (B)
شمیسا ،سیروس ،(1390) ،مکتب های ادبی ،چاپ هشتم ، تهران ،نشر قگره.
محمدپور ،عادل ، (1381) تحلیل انتقادی سبك شناسی اشعار بیسارانی سرودخزان ،چاپ اول،مریوان،زریبار.
فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیایی ئەدەبی" سەرپەرشتیاران :ڤ.م .کۆژیڤنیکۆڤ و پ . ئا . نیکۆلایێڤ "ئینسکلۆپیدیای سۆڤییەتی " ، مۆسکۆ ، 1987 ، ل 10 ،(بە زمانی ڕووسی).
صفریان+سجادی،کامل +سیدە زهرا ،(1390)،صیدی عاشقانه سرای اورامان ،چاپ اول ،سنندج ،انتشارات تاڤگه.
محەمەدپوور ،عادل ،(1388)،سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا ،چاپی یەکەم ،تاران ،نشر احسان.
سەعید،شاهۆ ،(2004)، شیعر و سیمانتیکای ریتم ،گۆڤاری ئایندە ژمارە 53 2004 .
حەبیبی ،عەبدوڵلا ،(1395) ،دیوانوو بێسارانی ،چاپی یەکەم ، سنندج،انتشارات کردستان.
مەلاصاحب،دانا ،(1968) ،پیرشالیاری زەردەشتی وە هەندێ لە بویژ و پیاوە بەناوبانگەکانی هەورامان،چاپی یەکەم ،بەغدا ،چاپخانەی شفیق.
محەمەد،ئەنوەر ،(2008) ،سیمبۆڵی دیاردەکانی جوانیی ژن لای بێسارانی ،مجلە الاستاذ ،العدد 77 لسنە 2008.
محەمەدپوور،عادل ،(2012)، ڕەنگاڵە ،چاپی یەکەم ،سلێمانی چاپخانەی ئاکام.
جمشیدی ،رچا (1390)،قالب های ویژه در ادبیات یارسان ،گۆڤاری زرێبار ژمارە .64